هەرکەسێک بگاتە لای اللە و بە هیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ اللە بڕیار نەدابێت؛ ئەوا هیچ گوناهێکی زیانی پێ ناگەیەنێت، و هەرکەسێکیش بمرێت و هاوبەشی بۆ خودا بڕیار دابێت؛ ئەوا هیچ چاکەیەکی سوودی پێ ناگەیەنێت

لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بگاتە لای اللە و بە هیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ اللە بڕیار نەدابێت؛ ئەوا هیچ گوناهێکی زیانی پێ ناگەیەنێت، و هەرکەسێکیش بمرێت و هاوبەشی بۆ خودا بڕیار دابێت؛ ئەوا هیچ چاکەیەکی سوودی پێ ناگەیەنێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- هەواڵیداوە بەوەی هەرکەسێک بمرێت و بگاتە لای خودا؛ بە یەک خوا پەرستیەوە (بە تەوحیدەوە)، و هیچ شتێکی نەکردبێتە هاوبەش بۆ اللە، ئەوا لە خەڵکی بەهەشتە، تەنانەت ئەگەرچیش لە ئاگردا سزا بدرێت بەهۆی گوناهەکانییەوە، وە هەرکەسێک بمرێت و هاوبەشی (شیرکی) بۆ خودا بڕیار بدات، ئەوا هیچ چاکەیەک لەگەڵ شیرکەکەیدا سوودی پێ ناگەیەنێت؛ و چوونە بەهەشتی لەسەر حەرام دەبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65109